# فەرەنسۆ هەریری، پیاوێك لە وەفا

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail.com

تیرۆر بە گشتی دیاردەیەکی مێژووی زۆر کۆنە و تازە نییە، لە مێژووی سەرجەم گەلانی دوونیادا هەیە وە لە ناو مێژووی کوردیش هەبووە، کاتێك مرۆڤێك یان گرووپێك دەست یان پەنا بۆ تیرۆرکردن دەبەن لە بەر ئەوەیە کە ناتووانن لە رووەکانی تریی ژیانەوە و بە ئامرازی تر بەرەگاری کەسێك یان گرووپێکی تری جیاواز لە خۆیان بن، یاخوود بەرەنگاری ئایدیۆلۆژیایەك یان رێچکەیەکی دیاریکراوو ببن، وە لە بەر ئەوەشە هەوڵ دەدەن وە بە شێوەیەکی راستەوخۆو درندانە دەستیان بگاتە جەستەی ئەو کەسە و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن، ئەم جۆرە کردارانەش شێوازێکی ئێجگار ترسنۆکانەیە لە هەموو رووەکەوە زانستی، کۆمەلایەتی، ئەخلاقی، پووچەڵی و دواکەوتووی فیکری ئەو کۆمەڵە کەسانەمان بۆ دەردەخات کە پێی هەڵدەستن.

رۆژی ١٨-٢-٢٠٠٢ ساڵێك بەسەر شەهیدکردنی کەسایەتی ناوداری کوردمان هەڤاڵ فەرەنسۆ هەریری دا تێپەردەبێت، بەمەش میللەتی کورد و کوردستان یەکێك لەو پێشمەرگە ناسراو و بەجەرگانەیان لە دەستداوە. شوێن و رۆڵی ئەم پیاوە مەزنە هەر دەمێنێت لە ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان.
ساڵێك پێش ئەمرۆ سەرتاسەری کوردستان رەش دەچۆوە و غەم و فرمێسك و بێدەگی باڵی بەسەر ئاسماندا گرتبوو، کوردستان رەشپۆشبوو وهەمووماں ماتەمینێکی کەسەردارمان مێوان بوو.
فەرەنسۆ کێیە ؟
فەرەنسۆ تۆما کانون ناسراو بە فەرەنسۆ هەریری لە شارۆچکەی هەریری سەر بە شاری هەولێری پایەختی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایك بووە، لە بنەماڵەیەکی ئاشووری ناسراو پەروەردە بووە، وە لەساڵی ١٩٦٠وە هاتۆتە هەولێر بۆ ئەوەی لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر بخوێنێت.
لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆرشی مەزنی ئەیلول کردووە، پاش ماوەیەکی ئێجگار کورت ناوبانگێکی باش پەیدادەکات لە ناو شۆرش و لە ناو دڵی جەماوەری کوردستاندا، کەسایەتیەکی ئاواهی بوو کە هەر زوو شوێنێکی باوەرپێکراوی پێدراوە لە لایان سەرۆکی نەمر مەلا مستەفای بارزانی، وە هەتا دووایین ساتەکانی ژیانی وەکوو یەکێك لەو دڵسۆزانەی بارزانی بووە و رێبازی وەفاو عەشقی کوردستان، بە شێوەیەکی بەرجەستەش بە درێژای ساڵانی پاش سەرهەڵدان، رۆژانەو وە بە کردەوە پاراستن و داکۆکیکردن و خزمەتکردنی ئەو ئەزموونەی ئەمرۆی باشوری کوردستانی وەکوو ئەرکێکی گرینگی خۆی هەر لە دڵ بوو.

بۆ کەس زەحمەت نەبووە بزانن خەسڵەت و سیفەتی چۆن بووە، ئەوانەی فەرەنسۆیان ناسییوە، ئاوایان ناسیوە کە هەتا بڵێ سادەو خاکی وقسە لە روو بووە، زۆر بەراشکاوانەی بۆچوونەکانی خۆی دەردەخست و سڵی لە هیچ و لە کەس نەدەکردەوە، هەوڵی داوە کە ئەوەی لە قازانج و وەدەرخستنی رووی رەشی درۆبووە بە هەڵوێست سەلماندوویەتی.

ناووبانگـی فەرەنسـۆ هەریـری بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بڵاوبـوٚوە پـاش ڕێکەووتـنامەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، ڕۆڵی گرینگـی پەیداکردووە هەتا ئەو ئاستەی کە بەرپرسیاریەتی هەموو ناوچەی باڵەکایەتی پێسپاردرابوو لە لایان بارزانی نەمرەوە.

باڵەکایەتـی – ئەو ناوچەیە بووە کە بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرجەم هێزو سەرکردەکانی شوٚڕشی تێدابووە، پاشـان دەکرێت بـە قایمقامـی – چـوٚمان –، لـە بـەر ئـەوەش بـووە بارزانـی نەمـر گەلێك جاران بە شوٚخی بە ( بەگ ) ناوی بردووە. (١)

فەرەنسـۆ هەریـری بـە درێژایـی ژیانـی هـەر لـە خـەبات و كوٚڵـنەدان بووە، نزیکێکی مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بـووە، پاشـان هاوشـان لەگـەڵ سەروٚك مەسعوود بارزانی بوو، بەرپرسیاری گەلێك ئیش و کاری لێوەشاوەو گرینگ بوو، پاش سـەرهەڵدان وئەزموونـی دروسـتبوونی یەکەمـین حکومەتـی کـوردی لـە باشـووردا، وەکوو پێشمەرگەیەکی دڵسوٚز شەوڕوٚژ لە بوواری جیاجیادا ڕوٚڵێکی گەورەو کاریگەری هەبوو.

پروٚسەی نووسینی مێژوو، ئەرکی نووسینەوەی هەموو ڕاستیەکانە دەربارەی کەسایەتیەك وە لە بەر ئەمەش کاتێك قەڵەم دەیـەوێت ڕێچـکەی ڕاسـتی ڕووداوەکـان، یاخـوود مێژووی مروٚڤێك بنووسێتەوە گەلێك خاڵی سەرەنج ڕاکێشی لەڕێگادا تووش دەبـێت، ڕاسـتی یان ڕاستیەکان، دیارە لەگەڵ ئەوەش کە فەرەنسۆ هەریری شوێنی خوٚی لە ناو دڵی هەموو کەسێك و هەموو ناوەندێکـی کوٚمەڵایەتیـو ڕوٚشـنبیری و سیاسـی کـردبوٚوە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا خەڵکانێك هەبوون وە بە درێژایی مێژووی خەباتی هەریری دژایەتیان کردووە، لێرەو لەویٚ قسەو قسەلۆکیان بۆ هەڵبەستووە.
ئەزمـوونەکان هەمیشـە ئاشکرایانکردووە، کە دوژمنانی هەریری درۆیەکانیان هێندە گەورەو گوریسەکانیان هێندە کورت بووە کـە هـەر ئەوەنـدە دەبسـترانەوە، کاتـێك فەرەنسـۆ خـوٚی لـە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و وە بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ سەرجەم بووچوونەکانی دووژمنانی بە درۆ دەخستەوە.
هەریـری بـە سروشـت ئاشتیخواز بوو پەیامی پاکی مەسیحیەتی بەڕاستی لە دڵدابوو، لەگەڵ ئەوەش بە زوڵم و دوور لە ڕاستی زوٚر قسـەیان بـوٚ هەڵبەسـتبوو، بـەڵام ئـەوەی لـە نـزیکەوە بیناسـیبایە، بوٚی دەردەکەوت کە لە هەموو خەڵك زیاتر تامەزروٚی ئاشتیو ئاسوودەیی بوو.

سـاڵی ١٩٩٩ لەگـەل چـەند برادەرێکـی هەندەرانـەوە گەڕامـەوە کوردسـتان وەکـوو شـاندێکی ئاشتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بەناوی ( کاروانی ئاشتی ) وە، هەر دوو ڕوٚژ پاش گەڕانەوەم زانیبووی گەڕایمەوە و تەلەفوٚنـی بوٚکـردم و پـاش بەخێرهاتنەوە ووتی : "ئەمجارە دەبی ئەمن بێمە لات، چوونکە بۆ ئاشتی هاتوویتەوە"، منیش ووتم نەخێـر جەنابـی کـاك فەرەنسۆ هەر من دێمەوە خزمەتتان، وە هەر وایش بوو بۆ بەیانی ئێوارەکەی لە ڕوٚژنامەی برایەتی دا یەکترمان بینی و زوٚر بەدرێژی قسەمان دەربارەی کاروانی ئاشتی و سەفەرەکەمان بۆ سولێمانی کردو دەستخوٚشی لێکردم و هەسـتم کـرد کـە بەڕاسـتی ئاشـتیەکی پـاك و ئاسـوودەی مەبەسـت بوو و زوٚری پێخوٚشبوو کە پروٚژەیەکی ئاواهی لەگۆڕێدا هەیە.

کـوٚمەڵگای کـوردەواریمان بەگشـتی کوٚمەڵگایەکی موسڵمانە، لەگەڵ ئەوەش چەندین کەمایەتی ئاینی تریشمان هەیە، دیارە جـیاوازی بیروبـاوەڕی ئاینـی فەرەنسـۆ هەریـری کـە ئاشووری بووە هەرگیز هەستی پێنەکراوە، ساڵانی ١٩٧١ کاتێك لە سەر فەرمانـی بارزانـی نەمـر دەکرێتە قایمقامـی چـوٚمان – هەنـدێك لەو مەلایانەوو پیاوی ئاینی دێنە لای بارزانی نەمر و ڕەخنەی

لێدەگرن کە گوایە ناکرێت کە "مەسیحیەك" بکرێتە قایمقامی چۆمان و بەڕێوەربەرمان بێت".... ، بارزانیش زۆر توڕەدەبێت وپێیان دەڵێت کەسم لە فەرەنسۆ باشتر دەست نەکەووتووە، ناچار مەلایەکان بە دڵشکاوی لە بارەگاکەیدا دێنە دەرەوە. (٢)

فەرەنسۆ ڕەمزی پێکەوە ژیانی برایانەو تێکۆشانی نیشتیمانی موسوڵمانان و مەسیحی بوو لە کوردستان، وە بەدرێژایی ژیانی کەس هەستی بەو جیاوازیەی نەکردووە، وەکوو هەر پێشمەرگەیەکی تری کوردو بارزانی خەباتی کردوەو، گەلێك جاریش متمانەی زیاتری پێدراوە لەوەی کە بەرامبەر پێشمەرگەیەکی تردا هەبووە.

دیارە دڵسۆزی و وەفاداری بووە کە بە درێژایی چەندین ساڵ وەکوو دەستی ڕاستی سەرکردایەتی بارزانی و شۆڕش بووە، وە پاش سەرهەڵدان و دامەزرانی داموودەستەی حکومەتی کوردی وەکوو کەسایەتیەکی ناسراو و چالاك، زۆر سەرکەووتوانە توانیبووی زۆر خزمەتی جەماوەری میللەتی کوردستان بکات، وە ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری خزمەتگووزاری و پرۆژەکانی ناوەوەی شاری هەولێری پایتەختن باش دەزانن کە ئەم مرۆڤە چەندە چالاك و خاکی و دڵسۆزبووە بۆ هاووڵاتیانی ئەم شارەو میللەتەمان.

کاتێك بە شێوەیەکی گشتی سەیری ڕەوش و بزاڤی ڕۆشنبیری شاری هەولێردەکەیت، زۆر ئاشکرایە کە شوێن دەست و پەنجەی هەریریدا پێوە دیارە، بۆ نموونە: (کۆشکی هونەر، یانەی وەرزشی هەولێر، چالاکیەکانی لە چوارچێوەی یەکیەتی نووسەرانی کورد، ئامادەبوونی لە سەرجەم کۆڕوکۆبوونەوەکانی هونەری و ڕۆشنبیریدا، دەرکردنی گۆڤاری هەولێر، یارمەتیدانی هونەرمەندانی کوردستان. . هتد).

دۆستایەتی فەرەنسۆ هەریری لەگەڵ دونیای ئەدەب و نووسەران:

هەموو نووسەران و ئەدیبانی کوردستان دەزانن هەتا چ ئاستێك، وە لە نزیکەوە هاورێو پاڵپشتی نووسەرو هونەرمەندانی ئەم دەڤەرە بووە، بە گشتی رێزێکی تایبەتی بۆ نووسەرو ئەدیبان هەبوو، وە ئەم خووەش لای ئەو نوێ نەبوو، بەڵکوو پێشتریش لەگەڵ هێمن و هەژاری شاعیردا زۆر پێکەوە بوونەو گەلێك پرۆژەی هاوبەشیان هەبووە ( سەفەرو کۆڕو ئاهەنگ).

بەشداریکردنێکی دەوڵەمەندی هەبوو لەئێوارەکانی شیعرو ئاهەنگەکانی میللی و نەتەوەیی بەشداری سەرجەم چالاکیەکانی ڕۆشنبیری کوردستان دەکرد، دیارە سەرجەم ئەو ناوەندو مەجلیسانەش تووشی بۆشایەکی گەوورە هاتوون پاش بزربوونی ئەم مرۆڤە ئەدەبدۆستەدا.

گرینگی و بەهرەی گەورەی ئەم پیاوە لەوەش بووە کە بە گەورەترین و دەوڵەمەنترین ئارشیفی کوردو مێژوو نوێو شۆڕشەکانی دادەنرا، لێرەو لەوێ و بە نوسین و یاخوود ڕاستەو خۆ بە هۆی هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، گەلێك لاپەڕەی شاراوەو نەزانراوی دیاردەخست کە دەربارەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد بوون، گەلێك زانیاری دەزانی دەربارەی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و سەرهەڵدان، کێشەکان و ڕاستی و نادروستی سەرجەم ڕوداوەکان و لایانە

سیاسیەکانی کوردی و هەتا ئەو پلەیەی کە هەندێك جار باس لە وورده زانیاری کردووه کە سەرجەم کێشەو گرفتەکانی یەکلا دەکردەوە. (٣)

هەتا لە ژیان بوو ئەم کتێبانەی بە چاپگەیاندووه:

١- بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ، هەولێر، ١٩٩٥.

٢- پەکەکە چما وا دەکات – برایەتی، ٢٠٠٠ هەولێر

٣- هۆیەکانی بەردەوامبوونی رێبازی بارزانی، سیمینارێکە لە گۆڤاری مەتین، دهۆك-٢٠٠١

ئەم دوو کتێبە وەرگێردراونە سەر زمانی عەرەبی، وە پاش خۆیشی دەستنووسێکی لە دووا بەجێماوە کە وەرگێڕانێکە دەربارەی چەند لاپەڕەیەکە لە مێژووی میللەتەکەمان.

شایانی باسە ئاماژە بەوە بکەین کە شەهید فەرەنسۆ خاوەنی پرۆژەی گۆڤاری هەولێر-ە، کە هەتا ئێستاش بەردەوامە، خزمەتێکی بەرچاوی شاری هەولێرو کولتووری ئەم شارە دێرینەمان دەکات، لەلایان بەڕێزان جەنابی کاك شەوکەتی شێخ یەزدین وبرایان فەیسەڵ دەباغ و فواد سدیق سەرپەرشتی ئامادەکردن و دەرکردنیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان. گۆڤاری هەولێر، ئەو گۆڤارەی کە بە شانازیەوە جەنابی فەرەنسۆ هەموو سەفەرێکم بۆ کوردستان و کە دەچوومە خزمەتیان، دەستی درێژدەکردو لە کتێبخانەکەی خۆی ئەو ژمارە نوێیانەی پێشکەش دەکردم و دەیووت" دەزانم نەتبینیوەو لە بەر ئەوەی لێرە نیت و دەستت نەکەوتوە".

بۆچی فەرەنسۆیان تیرۆرکرد ؟

پرسیارکردن دەربارەی کەسایەتیەکی هێندە گەورەو خاوەن هەڵوێست و بەوەفاو دەکرێت ئەم پرسیارە گرینگە لە جەستەی خودی شەهیدبکرێت !، هیچ وەڵامێکی تر بەقەدەر شکۆمەندی بیرو رێچکەو خۆشەویستی گەورەی خۆی نیە، بۆ وەڵامدانەوە ئەم پرسیارە دەبێت تەنها خودی ژیانی شەهید فەرەنسۆ خۆی بخرێتە ژێر پرسیارەوە، ساڵانی خەباتی وبیروباوەڕی نەگۆڕاوی و هەڵوێستی بوێرانەی، راستگۆی و دڵی فراوان و وەفای بێسنووری بۆ کوردو کوردستان و خەباتی رزگاریخوازی، شانازی گەورەی بەرامبەر بەو ئەزمونەمان لە کوردستانی باشوردا.... چەندین وچەندین سیفەتی تری ئەم پیاوە نەبەزە کە پاش خۆی بۆشاییەکی گەورەی جێهێشتووە وە هەرگیز لەبیر ناکرێت.
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە، کە فەرەنسۆ دەکرێت بکرێتە نموونەیەك بۆ راستگۆیی و خۆشەویستی و وەفاییێکی بێ سنوور.

نووسینی چەندین ووتارو بابەت لە سەر کەسایەتیەکی هێندە ناوادارەی میللەتەکەمان، ناگاتە ئەو کاروانە ماتەمینە گەورەیەی کوردستان و ئەو رووبارە فرمێسکەی بەرجەستەبوو و ویژدانمانی هەژاند رۆژی بیستنی هەواڵی شەهیدکردنی فەرەنسۆ هەریری، .

فەڕەنسۆ تەنانەت مردنیشی، مردنێکی پڕ واتاو شکۆمەند بوو هەروەکو ژیانی و ڕێڕەوی خەباتی، خاوەنی دڵێکی گەورەی میهرەبان بوو، هێندە بەسە وەکوو نموونە باسی لێوەبکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٩ ئەو کەسانەی هەوڵی تێرۆرکردنیان دا لە هەمان شوێندا لە هەولێر و نزیك مزگەووتی سپی دا، هەموو ئەو تاوانبارانەی لە دادگادا و لە پێش حاکم عەفوو کردو لێیان خۆشبوو.

خۆزگەمان بە دڵی گەورەو میهرەبانی ئەو مرۆڤە بەرزە، ئەو ماتەمینەی هەتا هەتایە بەردەوامەو هەرگیز بیرناچێتەوە، لە بەر ئەوەی فەڕەنسۆ هەریری، واتا دەریایەك لە وەفاو و خۆشەویستی.

٢٠٠٢-٢-٥

پەراوێزەکان:

١- مەهدی خۆشناو، گوڵان ژمارە (٣٢١) ٢٠٠١\٣\١٥ کوردستان

٢- یادگاریەکان لە سەر زاری هاوڕێم کاك :ف. د

٣- بۆ ئەوەی مێژوو بەچەواشەی نەنووسرێتەوە، فەڕەنسۆ هەریری